[sorani]

# زانیاری  بۆ پەنابەران لە نەرویج

[  کوردی/ سۆرانی: داواکارییە ئاساییەکان]

*ئەم نامیلکەیە لەلایەن ڕێکخراوی نەرویجی بۆ پەنابەران(NOAS)ەوە ئامادە کراوە. NOAS ڕێکخراوێکی مافەکانی مرۆڤی ناحوکومیە، کەزانیاری و کۆمەکی یاسایی بە پەنابەران دەدات.*

ناوەرۆکی ئەم نامیلکەیە، زانیاری گرنگی تیادایە بۆ تۆ وەك پەنابەرێك لە وەڵاتی نەرویج. تۆ دەتوانیت لەبارەی ئەم بابەتانەی لای خوارەوە لێرەدا بخوێنیتەوە:

- کیێ پەنابەرێتی وەردەگرێت؟
- ناردنەوە بۆ وڵاتێکی دیکەی ئاسوودە
- چی ڕوودەدات، کاتێك تۆ داوای پەنابەرێتی دەکەیت؟

- ئامۆژگاری گرنگ لە بارەیی ڕاگەیاندنی شەخسی(ئیفادە)وچاوپێکەوتنەوە.
-ئەرکی نهێنی پاراستن.
- پەنابەرانی ئافرەت.
- منداڵ.

## کێ پەنابەرێتی وەردەگرێت؟

### 1. پەنابەرێتی

تۆ مافی پەنابەرێتیت هەیە ئەگەر ژیانت یان ئازادیت لە مەترسیدا بێت، یان ئەگەر تۆ لە مەترسی ئەشگەنجەدان یان هەر مامەڵەکردنێکی تری نامرۆڤانەدابیت، لەبەر نەژاد، دین، نەتەوایەتی، ئەندامێتی لە گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بیروڕای سیاسی. ئەمە لە ڕێکەوتننامەی پەنابەرێتی نەتەوەیەکگرتوەکاندا خراوەتەبەرچاو، کە نەرویج ئیمزای کردووە.

ڕاونان کە بەتایبەتی ژنان دووچاریدەبن وە ڕاونان بەهۆی پەیوەند بە سێکسیشەوە دەشێ ببێتە هۆی پەنابەرێتی . تەقیب و ڕاونان چ لەحوکومەتی وڵاتەکەتەوە بێت یان کەسانی ترەوە، بۆ نموونە ئەندامانی خێزان/ خزم یان لە گروپە چەکدارەکانەوە، دەکرێت پەنابەرێتی پێوەربگیردرێت.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی وەڵاتەکەت بتوانن بتپارێزن، یان بتوانیت لە بەشێك لە وەڵاتەکەتدا بە ئاسودەیی بژیت، ئەوا مافی پەنابەرێتیت نابێت .

### 2- پاراستن

ئەگەر مەرجەکانی پەنابەریت تیادا نەبوو، دەسەڵاتدارانی نەرویجی دەیخەملێنن کەلە گەڵئەوەشدا دەشێ تۆ لە وڵاتەکەت لە مەترسیدا بیت و لەبەر ئەوە پێویستیت بە پاراستن هە بێ. بۆنموونە بە هۆی جەنگەوە یان هۆیەکی تر کە ژیانت بخاتە مەترسییەوە، یان لەبەر ئەوەی تۆ لە مەترسی ئەشکەنجە دان یان هەر مامەڵەکردنێکی تری نامرۆڤانەدا بیت.

### 3- مرۆڤدۆستانە/ ئینسانی

لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەتوانیت مافی مانەوە وەربگریت لە سەر بنچینەی مرۆڤایەتی. بۆ نمونە ئەگەر منداڵەکەت نەخۆشیەکی ترسناکی هەبێت و لە وەڵاتەکەی خۆت چارەسەری نەکرێت.

ئەگەر هۆکاری باشت نەبێت بۆداواکردنی پەنابەرێتی، لە هەموو کاتێکدابواری ئەوەت هەیە کە داخوازێکەت بکێشیتەوە.

## ناردنەوە بۆ وەڵاتێکی دیکەی ئاسودە

ئەگەر تۆ تۆمار کرابیت بۆ نموونە پەنجەمۆر کرابیت لە وەڵاتێکی تری ئاسودە پێش ئەوەی بێیت بۆ نەرویج، یان ئەگەر ڤیزەی وەڵاتێکی تری ئاسودەت هەبوو، ئەوا ئەو وەڵاتە بەرپرسیارە لەهەڵسەنگاندنی دواکاریی پەنابەرێتیەکەت. لە بەر ئەوە دەشێ بنێردرێیتەوە بۆ ئەوێ. ئە مە بەپلەی یەکەم ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پەیمانی دوبلن-ندا، واتە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا (EU) و ئیسلاند.

ئەشێ لە3 بۆ 10مانگ بخایەنێت پشکنینی دەسەڵاتدارانی نرویج تابزانن تۆ لەوڵاتێکی تری ئاسودە بویت وە ئیحتیمال هەیە بتنێرنەوەبۆئەوێ. ئەگەرماوەی پشکنین زۆر بخایەنێت، ئەشێ لەلایەن بەڕێوبەرایەتی کاروباری بێگانەوەUDI چاوپێکەوتنت لەگەڵدابکرێت. لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی نەرویجی چاو لە داواکاریی پەنابەرێتی تۆ ناکەن، هەتا گەڕاندنەوەی تۆ بۆ وەڵاتێکی تری ئاسودە یەکلایی نەبێتەوە. هیچ دەرفەتێکت نیە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لەو کاتەی کە چاوەڕێ دەکەیت. ئەگەرنەنێردرایتەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە، ئەوا داواکاریەکەت لە نەرویج چاوی لێدەکرێت.

ئەگەر هاوسەر یان منداڵت لە خوار 18 ساڵەوە هەیە کە داوای پەنابەریان کردوە لە وەڵاتێکی دیکە، دەتوانن کە یەك بگرنەوە لەو وەڵاتەی کە یەکەمین جار داوای پەنابەریتان لێ کردوە. یەکگرتنەوەش ئەنجام نادرێت ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە وەڵامی داواکاریەکەی ڕەفزبێت.

## چی ڕودەدات کاتێك داوای پەنابەرێتی دەکەیت؟

### 1. تۆمارکردن وەك پەنابەر

لە لایەن پۆلیسەوە تۆمار دەکرێیت وەك پەنابەر، پۆلیس پەنجەمۆری تۆ وەردەگرێت و پرسیاری ناسنامە و چۆنیەتی سەفەر کردنت بۆ نەرویج لێ دەکات. تۆش پاسپۆرتەکەت یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە پێت بێت، دەیدەیت بە پۆلیس. پاشان دەتنێرن بۆ کەمپ کە وەك سەرەتایەك لەوێ دەژیت.

### 2. پشکنینی تەندروستی(فەحس)

لەماوەی ڕۆژانی یەکەمدافەحسێکی تەندروستیت دەکرێت. هەموو کەسێک فەحسی سیلی بۆ دە کرێت فەحسی نەخۆشی دیکە (ئەیدز و زەردویی) ئارەزوومەندانەیە.

### 3. زانیاری لە لایەن NOAS

لە ماوەی ڕۆژانی یەکەمدا، لەلایان NOAS وە زانیاری وەردەگریت. NOAS ڕێکخراوێکی ناحوکومییە، کە زانیاری وئامۆژگاری دەدا بەپەنابەران. لە سەرەتادا فلیمێکی ئاگاپێدەرانە دەبینی و نامیلکەیەکی ئاگاپێدەرانە ت دەدەنێ بەزمانی زگماکیی خۆت یان زمانێکی دیکە کە بەباشی لێی تێدەگەیت. پاش ئەوەی کە فلیمەکەت سەیر کرد، لە گەڵ ڕێنوێنێکدا دانیشتنێکت دەبێت بەزمانی خۆت، یان بە زمانێکی تر کە تۆ باش لێیی تێدەگەیت. دانیشتنەکە نزیکەی 40 دەقیقە دەخایەنێت. لەم دانیشتنەدا ئامۆژگاری وەردەگریت کە چۆن بە باشترین شێواز داواکاریەکەت پێشکەشی دەسەڵاتدارانی نەرویجی بکەیت. کەسی ڕێنوێن زانیاریت دەداتێ لەبارەی کە چی پێویستە بۆ وەرگرتنی پەنابەرێتی لە نەرویج. گرنگە سوود لەم دانیشتنە وەربگریت هەموو ئەوپرسیارانەبکەی کە لەبارەی داواکارێکەتەوە هەتە.

### 4. ڕاگەیاندنی شەخسی(ئیفادە)

پاش چەند ڕۆژێك لە کەمپ، لەسەرتە ئیفادەیەک بنووسی، ڕوونی بکەیتەوە کە بۆچی داوای پەنابەرێتی دەکەیت لە نەرویج. فۆرمی ئیفادەکە بە زمانی زگماکی خۆت، یان زمانێکی تر کە باش دەیزانیت پردەکەیتەوە. پاشان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بێگانە کان UDI ئیفادەکەت تەرجەمە دەکات بۆ زمانی نەرویجی.

لەئیفادەکەدا دەبێ تۆ بۆ نموونە لەبارەی ئەم پرسیارانە وە وەڵام بدەیتەوە:

- خودی خۆت و ئەندامانی خێزانەکەت. ئەمە زۆر گرنگە ئەگەر لە داهاتودا خێزانەکەت داوای یەکگرتنەوەی خێزان بکات لە گەڵ تۆ.
- بۆچی وەڵاتەکەی خۆت بەجێهێشت.
- بۆچی مەترسیت هەیە لە گەڕانەوەت بۆ وەڵاتەکەت.
- کۆچ و ڕێگای سەفەرەکەت، واتە چۆن سەفەرت کرد بۆ نەرویج.

ئیفادەکە لە ئۆفیسی UDI لە کەمپەکە پردەکەیتەوە . ئەگەر هۆیەکی تایبەتیت هەبوو، دەتوانیت داوا لە UDI بکەیت کە ئیفادەکەت لەگەڵ خۆتبەری بۆ ژوورەکەت. بە هەموو شێوەیەك دەبێت فۆرمی ئیفادەکە لە هەمان ڕۆژدابدەیتەوە.

داخوازی پەنابەرێتی کەسانێک کە خەڵکی هەندێ وەڵاتن بە خێرایی چاولێدەکرێن، لە بەر ئەوە پێویست بە پڕ کردنەوەی ئیفادە ناکات.

دەتوانیت پرسیار لە NOAS بکەیت تا بزانیت کە ئەو وڵاتانە کامانەن.

نابێت بهێڵیت هیچ کەسێك ئیفادەکەت بۆ پڕ بکاتەوە.

ئەو کەسانەی کە ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە، ئیفادە پڕناکەنەوە.

## 5. چاوپێکەوتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بێگانەوە UDI

تۆ لە ماوەیەکی کورتدا چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکرێت لەلایەن UDI وە. UDI دام ودەزگایەکی حوکوومیە کە داواکاری پەنابە رێتیەکەی تۆ هەڵدەسەنگێنێ. چاوپێکەوتنەکە نزیکەی چوارسەعات دەخایەنێت. UDI ئەو زانیاریانەی کە لە ئیفادەکەو چاوپێکەوتنەکەدادواتە، بەکار دەهێنێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایە تۆ پێویستت بە پەناهەندەیی یان مانەوە لەسەر بنچینەیەکی تر هەیە.

## 6. تەرجومان / وەرگێڕ

لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا لەگەڵ UDI، وەرگێڕێك ئامادە دەبێت کە بەزمانێك قسە دەکات تۆ باش لێیی تێدەگەیت. وەرگێڕەکە ئەرکی پاراستنی نهێنی لەسەرشانە. ڕۆڵی وەرگێڕ تەنها تەرجەمە کردنە. لەهەموو حاڵەتێکدا وەرگێڕ بێلایەنە. ئەگەر لەکاتی تەرجەمەدا گرفتت لەگەڵ وەرگێڕەکە هەبوو، دەبێت بە زووترین کات بە کەسی بەرپرسیار لە چاوپێکەوتنەکە بڵێیت.

تۆخۆت مافی هەڵبژاردنی وەرگێڕت نیە بۆ کاتی چاوپێکەوتنەکە ت لە گەڵ UDI .

## 7. مۆڵەتی کارکردنی کاتی

دەتوانیت مۆڵەتی کارکردن وەربگریت پاش چاوپێکەوتنەکە لەگەڵUDI دا، ئەگەر ئەم مە رجانەت تیادا بێت

- تەمەنت لە 18 ساڵ زیاتر بێت.
- گومان لە ناسنامەت نەکرێت.
-بڕیاری نەگەڕاندنەوەت بۆ وەڵاتێکی تری ئاسودە درابێت.

وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی کاتی، بەلایەنی کەمەوە شەش مانگ دەخایەنێت.

## 8. چارەسەری تەندروستی

لە کاتی چاوەڕێکردنیی وەڵامی داواکارییەکەت لە کەمپ، تۆ مافی چارە سەری تەندروستیی پێویستت هەیە. منداڵ تا تەمەنی7 ساڵ چارەسەرکردن بەخۆڕاییە. ئەوانی تر دەبێت بەشێك لە خەرجی چارەسەرکرن خۆیان بیدەن. ئەگەر پێویستت بەیارمەتی دەروناسێك هەبوو، دەتوانیت داوا لە UDI بکەیت کە خەرجییەکەت بۆ بگرێتە ئەستۆ. دەتوانیت زانیاری لە کارمەندانی کەمپەکەت وەربگریت بۆ ئەم مەبەستە.

## 9. چەند کات دەخایەنێت بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام لە UDI ؟

دەشێ UDI لە چەند هەفتەیەکەوە تا ساڵێك خەریکی چاولێکردنی داواکارییەکەی تۆ بێت. جیاوازی هەبوونی کات هۆی زۆرە. لە هەندێ حاڵەتدا دەبێت UDI پشکنینێکی تەواوبکات، بۆنموونە لەبارەی ئەوەوەی کە ئاخۆ دەبێ تۆ بۆ وەڵاتێکی دیکەی ئاسودە بنێردرێیتەوە.

**10. کەمپ**
تۆ پێشنیارێکت بۆ دەکرێت کە لە کەمپدا بژیت هەتا وەڵامی داواکاری پەنابەریەکەت وەردەگریتەوە. ئەگەر هۆکارێکی گرنگت هەیە بۆ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا ژیان بکەی، بە زووترین کات کەمپەکە ئاگادار بکەرەوە. هۆکارەکانیش بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نزیکت هە بێ، هەلێکت بۆ ڕەخسابێ بۆ کارکردن لە شوێنێکی تایبەت یان لەبەر هۆکاری نەخۆشیەکی سەخت. دەشکرێت خۆت ژیانی تایبەتی خۆت هەڵبژێریت و لە سیستەمی کەمپ دەرچیت بەڵام ئەوساماڤی وەرگرتنی یارمەتیی ئابووریی لە دەست دەدەیت.

**11. زانیاری نوێ**
ئەگەر پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ UDI زانیاریەکی نوێت هەبوو کە بایەخی بۆ داواکاری پەنابەرێتیەکەت هەبێت، دەست بەجێ ئەو زانیاریە بدە بە UDI . دەتوانیت زانیاری لە کارمەندانی کەمپەکەت وەربگریت بۆ ئەم مەبەستە.

**12. تاوانباری**
ئەگەر هەستایی بە کردنی کردەوەیەکی تاوانبارانە، داواکاری پەنابەرێتیەکەت بەزوویی چاو لێدەکرێت، بەنیازی زوو دەرکردنت لە نەرویج ئەگەر پێویستت بە پاراستن نەبێت. تاوانباری بۆی هەیە ببێتە بەربەست لە داهاتودا بۆ سەفەرکردن بۆ نەرویج و زۆربەی وەڵاتانی تری ئەوروپا.

**13. ڕەت کردنەوەی داخوازی پەنابەری لەلایەن UDI – مافی سکاڵاکردن**
ئەگەر UDI داخوازیەکەتی ڕەت کردەوە، مافی سکاڵاکردنت هەیە، پارێزەرێکت بۆدەگیرێت ، UDI وەڵامەکەت دەنێرێت بۆ پارێزەرەکەت. پارێزەرەکەت هۆکاری ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر دەخوازیت سکاڵا لە وەڵامەکەی UDI بکەیت، دەبێت لەگەڵ پارێزەرەکەت ڕێبکەون کە چی لە سکاڵاکەدا بنووسن. سکاڵاکە وەڵامێکە بۆ پڕیارەکەی UDIوبەڵگە گرنگەکانی داواکاریەکەی تۆ دەخاتەڕوو . پارێزەر پارەی هەتا 5 سەعات لە حکوومەتی نەرویجی پێدەدرێت. سکاڵاکەش دەبێت لە ماوەی 3 هەفتەدا بنێردرێت.

**14. چاولێکردن/ لێکدانەوەی سکاڵا لە کۆمیتەی هەڵبژێردراوی بێگانە (UNE)**
تۆئاسایی لە نەرویج دەمێنیتەوە تا سکاڵاکەت چارەسەردەکرێت. ئەمە بەرکارنیە(ئیعتیبارینیە) ئەگەر UDI پێی وابێت ئاشکراو روون کەتۆ پێویستت بە پاراستن نیە.
سکاڵاکە لە لایان UNE وە هەڵدەسەنگێندرێ. UNE دەزگەیەکی حوکومیە کە کار لەگەڵ سکاڵای وەڵامە ڕەتەکراوەکانی UDI دەکات. ئەگەر UNE پێویستیان بە زانیاری زیاتر هەبێت لەسەر تۆ، ئەوا بانگهێشت دەکەن بۆ کۆبونەوە یەک.

**15. ڕەتکردنەوەی سکاڵا لەلایەنUNE – ئەرکی دەرچونت لە وەڵات**
ئەگەر UNE سکاڵاکەتی ڕەتکردەوە، ئەرکە لەسەرت کە وەڵاتەکە بەجێ بهێڵیت لەو کاتە دیاریکراوەی کە پۆلیس دەستنیشانی کردوە، بەشێوەیەکی ئاسایی دوو هەفتەیە. پاش ئەو کاتەی کە بۆت دەستنیشان کراوە ئیتر تۆ مانەوەی یاساییت نابیت لە وەڵاتەکە و هیچ دەرفەتێکت نادەنێ کە لە کەمپدا بژیت.

دەبێت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت یان بە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ کۆچەران IOM بۆ ئەوەی لەسەر کاتی سەفەرکردنت ڕێکبکەون. ئەگەر خۆت وەڵاتەکە جێبهێڵیت، کاتی سەفەرکردنت بە کارمەندانی کەمپەکەت ڕابگەیەنە .
ئەگەر بەخواستی خۆت وەڵاتەکە جێنەهێڵیت، ئەوا پۆلیس دەتنێرێتەوە بۆ وەڵاتەکەی خۆت. خەرجی سەفەرەکەت بە حوکمەتی نەرویجی قەرزار دەبیت.

**16. دادگا**
بۆت هەیە، لە دادگا، سکاڵا لە دواهەمین بڕیاری ڕەت کردنەوە بکەیت. ئەو دەمە هەموو خەرجییەکی دادپرسی دەکەوێتە ئەستۆی خۆت.

## ئامۆژگاری گرنگ بۆڕاگەیاندنی شەخسی(ئیفادە) وچاوپێکەوتن

خۆت بەرپرسیاری لەمشوورخواردنی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی نەرویجی ئەو زانیاریانە یان دەستکەوێت کە پێویستیانە بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستی تۆ بۆ پاراستن. ئێمە ئەم ئامۆژگاریە گرنگانەی لای خوارەوەمان هەیە بۆ تۆ:

- بە وردی و لە بنەماوە ئەو هۆکارە سەرەکیانە ڕوون بکەرەوە کە بوونە هۆی بەجێهێشتنی وەڵاتەکەت، و تۆ بۆچی لەگەڕانەوە دەترسی.

- حوکمەتی نەرویجی زانیاری هەیە دەربارەی بارودۆخی وەڵاتەکەت، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە تەرکیز بخەیتە سەر ئەوبەسەرهاتانەی کە بەسەر خۆتدا هاتوەو حاڵوگوزەرانی خۆت ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت.

- هەتا دەتوانیت زۆر وورد بە لە باسکردنی ڕاستیەکاندا.

- ئەگەرمەسەلەیەک هەیە و بۆت سەختە باسکردنی، باشتر وایە سەرەتا لەگەڵ ڕێنوێنێکی NOAS دا تاوتوێی بکەیت.

- ئەگەرتۆ دڵنیانیت لە وەی کە بێ ترسە باس کردنی هەموو شتێک بۆ حوکمەتی نەرویجی، زۆر گرنگە کە ئەم باسە لەگەڵ یەکێك لە ڕێنوێنەکانی NOAS دا مناقەشە بکەیت.

- ئەگەر منداڵی ژێر تەمەنی 18 ساڵانت لەگەڵدایە، گرنگە باسی گوزەران و بەسەرهاتی ئەوانیش بکەیت.

- ئەگەر هەندێ پرسیار هەبوو کە تۆ لێیان تێنەگەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا، گرنگە کە داوا لە وکەسە ی کە چاوپێکەوتنت لە گەڵدەکات بکەیت کە پرسیارەکەت بۆ ڕون بکاتەوە.

- ڕاستی بڵێ، زانیاری ناڕاست بۆی هەیە ببێتە هۆکاریك بۆ ڕەت کردنەوەی داواکاریەکەت، لەبەر ئەوە حوکمەتی نەرویجی باوەڕ بەڕاستکرندەوەی زانیاریەکانت ناکات.

- ئەگەر دۆکۆمێنتێکت هەیە کە پەیوەندی هەبێت بە داواکاریەکەتەوە، باشتر وایە لە گەڵ خۆت بیبەیت بۆ چاوپێکەوتنەکە، لەوحاڵەتەدا وەرگێڕەکە دەتوانێ ناوەڕۆکی دۆکۆمێنتەکە بۆ UDI تەرجەمە بکات.

## ژنانی پەنابەر

هەندێ جار دەشێ ژنان دووچاری جۆرێکی تر لە تەقیبکردنو ڕاونان ببنەوە لە چاو پیاواندا. لەوانەیە بۆ ژنان زەحمەت بێت لەوبارەیەوە لەگەڵ پیاواندا قسەبکەن. ئەگەر بتەوێت دەتوانیت لەگەڵ ڕێنوێنێکی ژنی سەر بە NOAS قسە بکەیت. بۆ ئەم مەبەستەش، پاش ئەوەی کەفلیمی زانیارییەکەت بینی، دەست بەجێ NOAS ئاگادار بکە رەوە.
تۆ دەتوانیت هەروەها داوای ئەوە بکەیت کە ئەوکەسەی چاوپێکەوتنت لەگەڵدەکات وە وەرگێرەکەت ژنبن کاتی چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ UDI دا. دەتوانی لەوبارەیەوە خەبەربدەی بە NOAS کاتی دانیشتنەکەت لەگەڵیاندا.

### ئایا منداڵت لە گەڵدایە؟

زۆر کەس منداڵي لە خوار تەمەنی 18 ساڵان لەگەڵ خۆیان دەهێنن. بەشێوەیەکی ئاسایی UDI چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵانی سەرو 12 ساڵدا دەکات. ئەمەش گرنگە کە منداڵێك بە زمانی خۆی باس لەو گرفتانە بکات کە تیایدا ژیاوە. لە هەندێ کاتدا کە منداڵ و دایك وباوك دووچاری هەمان گرفتی تەقیب و ڕاونان هاتبن، ئەشێ حاڵەتەکە بۆ منداڵەکە ترسناکتربێت . UDI کارمەندی تایبەتی هەیە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ منداڵاندا.
چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵان لە چاو گەورە ساڵان ڕەسمیاتی کەمتردە بێت.

ئەگەر دەخوازیت چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکەت/ منداڵەکانت کە سەرو12ساڵن بکرێت، ئەوا دەبێت NOAS ئاگادار بکەیت.

### ئایا تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە؟

ئەگەر تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە و بەتەنیا هاتویت بۆ نەرویج، بەبێ دایکوباوك یان کەسێکی سەرپەرشت، مافی تایبەتیت هەیە.

کەمپەکان بەشی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ منداڵ و نەوجەوانانی کە بە تەنیا دێن بۆ نەرویج. تۆ یارمەتی وەردەگریت لەو کەسەی سەرپەرشتی تۆیە. سەرپەرشت مرۆڤێکی تەمەن گەورەیە و گرنگی دەدات بە بەرژەوەندییەکانی تۆ. سەرپەرشت، لەکاتی چاوپێکەوتندا لە گەڵ UDI ئامادە دەبێت.

هەروەها یارمەتیش وەردەگریت لە پارێزەرێك. پارێزەرەکە یارمەتیت دەدات لە داواکاری پەنابەرێتیەکەت لە نەرویج. بە شێوەیەکی ئاسایی پارێزەرەکەت دەبینیت پێش چاوپێکەوتن لەگەڵ UDI، پارێزەرەکە یارمەتیت دەدات بۆ خۆئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتنەکە. پاش چاوپێکەوتنەکەش پارێزەرەکەت دەبینیت. پێکەوە بەسەر چاوپێکەوتنەکەدا دەچنەوە تا بزانن ئەوەی کە نوسراوە هەمووی ڕاستە.
حکوومەتی نەرویجی هەوڵ دەدات، ئەوەندەی بکرێت، باوکودایکت لە وەڵاتەکەی خۆتدا بدۆزێتەوە.

هەیە گەورەیە، بەڵام بە مەبەستی سوود وەرگرتن تەمەنی خۆی کەم دەکاتەوە و بە کەمتر لە 18 ساڵی دەداتە قەڵەم. لەبەرئەوەUDI لە زۆر حاڵەتدا هەڵدەسێ بەئەنجامدانی فەحسێکی پزیشکی بۆ یەکلایی کردنەوە ی تەمەن.
تۆ بە دەست خۆتە ئەم فەحسە دەکەیت یان نا، بەڵام نەکردنی دەشێ ببێتە هۆی لاوازی داخوازی پەنابەرێتیەکەت. ئەگەر فەحسەکە دەریبخات کە تۆ لەسەرو18ساڵانەوەیت، ئەوا وەکو گەورە ساڵێک لەگەڵت دەجوڵێنەوە، وە دەتگوێزنەوە بۆ کەمپێکی گەورە ساڵان.

### نهێنی پاراستن

حکوومەتی نەرویجی، وەرگێر، پارێزەر و NOAS ئەرکی نهێنی پاراستنیان لەسەر شانە. واتە ئەمانە ناتوانن هیچ زانیاریەك دەربارەی داواکارییەکەی تۆ بە حکوومەتی وەڵاتەکەت یان کەسی تربدەن. لە بەر ئەوە هیچ ترسێکت نەبێت لە باسکردنی خۆت و وە بۆچی پێویستیت بە پاراستنە.

**پۆلیس** پەنابەری تازە تۆمار دەکات. هەروەها ئەو پەنابەرانەش دەنێرێتەوە کە وەڵاتی نەرویج بەجێ ناهێڵن پاش ڕەت کردنەوەی داواکانیان.

**UDI** دەزگەیەکی حوکومییە کە داواکاریەکانی پەنابەری، یەکگرتنەوەی خێزان، ڤیزە و هاوڵاتی بوون. هەروەها بەرپرسە لە کەمپەکان و نیشتەجێکردنی ئەو پەنابەرانەی کە مافی پەنابەری وەردەگرن لە نەرویج.

ناونیشان/ ئەدرێس
Postboks 8108 Dep., 0032 Oslo
Besøksadresse: Hausmannsgt. 21, Oslo
Tlf.: 23 35 15 00, faks: 23 35 15 01
udi@udi.no, e-post: www.udi.no

**(UNE)** دەزگەیەکی حکومیە بێلایەنە بۆ چاولێکردنی سکاڵا لە وەڵامەکانی UDI .

ناونیشان/ ئەدرێس
Postboks 8165 Dep., 0034 Oslo
Besøksadresse: Stenersgt. 1B, Oslo
Tlf.: 21 08 50 00, faks: 21 08 50 01
e-post: postmottak@une.no, Internet: www.une.no

**(IOM)** ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچەران، یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوو مەندانە دەدات.

ناونیشان/ ئەدرێس
Postboks 8927 Youngstorget, 0028 Oslo
Besøksadresse: Storgata 10 A, 2. etasje, Oslo. (Du kan komme hverdager 10.00-12.00)
Tlf.: 23 10 53 22. (Du kan ringe hverdager 13.00-17.00.)
e-post:iomoslo@iomosl.org, Internet: www.iom.no

**(UNHCR)** کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری کۆچەرانی نێونەتەوەیی، بنکەی سەرەکی بۆ وەڵاتانی بەلتیق و باکوری ئەوروپا لە وەڵاتی سوید لە شاری ستۆکهۆلم - ە. لە وەڵاتی نەرویج، UNHCR هاوکارە لەگەڵ ڕێکخراوی NOAS .

***NOAS*** ڕێکخراوی پەنابەران
*Postboks 8893 Youngstorget, 0028 Oslo*
*Besøksadresse: Torggt. 22, Oslo*
*Tlf.: 22 36 56 60, faks: 22 36 56 61*
*noas@noas.org, e-post: www.noas.orgInternet:*